تەلەفۆنی گشتی بۆ خزمەتی وڵاتیان یان بۆ بێزارکردنیان؟!

هەر خزمەتگوزاریەک پێشکەش بە وڵاتیان بکرێت جێگەی دەست خۆشیە لەلایەن حکومەتەوە بێت یان لەلایەن کۆمپانیاو هەر لایەنێکەوە بێت، ماوەیەکی کەمە لە شاری سلێمانی دا دیاردەیەکی شارستانی زۆر جوان بەدی دەکرێت کە ئەویش دانانی تەلەفۆنی گشتیە لە شوێنە گشتیەکاندا وەک (باخی گشتی-پارکی ئازادی-زانکۆ- ناو بازاڕ-بەردەم نەخۆشخانەکان...) کە وڵاتیان سودی زۆری لێ دەبینن بەڵام ئەم تەلەفۆنە گشتیانە لە لایەن هەندێک کەسی ناڕۆشنبیرەوە بۆ بێزارکردنی خەڵک بەکاری دەهێنن.

لەم بارەیەوە وڵاتی (شاناز محمد) وتی: ئەم جۆرە تەلەفۆنە لەڕووی نرخەوە زۆر هەرزانە کە یەک دەقیقە قسەکردن بۆ مۆبایلی ئاسیا 50 دیناره وە بۆ میدیا تلیکۆم هەرزانترە کە ئەمەش نرخێکی زۆر کەمە وە دەتوانین زۆر با ئاسانی پەیوەندی بە خزم و کەسوکارمانەوە بکەین لە هەر وڵاتێکی دنیا بن بەڵام بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا خەڵک نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بەشێوەیەکی دروست بەکاری بهێنن، جاری وا بووە بەو تەلەفۆنانە تەلەفۆنم بۆ هاتووە جوێنێکی پێ داوم و تەلەفۆنەکەی داخستۆتەوە بەڵام کە بم هەوێت تەلەفۆنی بۆ بکەمەوە بۆم وەرناگیرێتەوە.

هەر سەبارەت بەم بابەتە نوسەر و ڕوناکبیر دلێر عەباس کە سەرقاڵی بەکارهێنانی ئەم جۆرە تەلەفۆنە بوو لە باخی گشتی وتی: دانانی تەلەفۆنی گشتی لە خزمەتی دانیشتوانی شاری سلێمانی دایە، سیستەمێکی مۆدێرنە وەک سیستەمی دەوڵەتانی ئەوروپا وایە، لە هەموو کاتێکدا دەتوانین پەیوەندی بکەین بە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، بەکارهێنانی ئەم تەلەفۆنانە لە ئاستی داهاتی هەموو کەس دایە وە ئەوانەی داهاتیان نزمە و دیاری کراوە دەتوانن ئەم تەلەفۆنە بەکار بهێنن، ناوبراو ئەوەشی وت کە دەبوایە ئەم جۆرە خزمەتگوزاریە پێش چەند ساڵێک پێشکەش بکرایە وە هیوادارم کابینەی زیاتر دابنرێت و زیاتر سودمەند بین لەم خزمەتگوزاریە هەروەها پێویستە جەماوەریش بەهەموو چین و توێژەکانەوە وشیاری کۆمەڵایەتی و نەتەوەییان هەبێت سەبارەت بە پاراستنی ئەو ئامێرانە لە شکاندن و خراپ بەکارهێنانی،چونکە ئەمە هەم موڵکی

گشتیە و بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی دروست کراوە، هەم پێداویستی ڕۆژانەیە، بۆیە پێویستە خەڵک ئەم ئامێرانە بۆ شتی دروست بەکاربهێنن نەک بۆ گاڵتەکردن و رابواردن و قسەی نابەجێ و شتی نا پێویست ناوبراو هیوای خواست ئەم خزمەتگوزاریە لە موڵکی حزبی یەوە بکرێ بە موڵکی دەوڵەت واتا بکرێت بە بەشێک لە بەڕێوەبەرایەتی وەزارەتی گواستنەوە لەبەرئەوەی ئێمە دیعایەی نیزامی موەسەسات دەکەین.

بەڵام بە پێچەوانەی بۆچونەکانی ترەوە وڵاتی سەرگوڵ سەعید وتی: دانانی ئەو تەلەفۆنانە هیچ خزمەت ناگەیەنێت بە خەڵکی شارەکە بەڵکو کێشەو گرفت زیاتر دەکات چۆن مۆبایل بەکاردێت بۆ هەراسان کردنی خەڵکی وە بەتایبەت کچان ئاواش کەسانی نەفس نزم ئەم تەلەفۆنە گشتیانە بۆ ئەو کارە ناڕەوانە بەکاردێنن.

وڵاتی چیا مەحمود وتی: دەتوانین بڵێین هەموو ئامێرێکی خزمەتگوزاری دوو ڕووی بەکارهێنانی هەیە دیوێکیان چاک و ئەوی تریان خراپ بۆیە کەوتۆتە سەر ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی، ئەو کەسە بۆکاری باش بەکاری دەهێنێت یان بۆ کاری خراپ، من تا ئێستا تەلەفۆنی گشتیم بەکار نەهێناوە چونکە زۆربەی ئەو شوێنانەی کە لێی دانراوە شوێنە قەرەباڵغەکانن لەگەڵ هاوڕێ یەکی ترم نەبێت ناتوانم لەو شوێنانە بوەستم و بەکاری بهێنم، چونکە خەڵکی توانجم لێ دەگرن، بە تایبەتی کوڕە هەرزەکارەکان.

هەر سەبارەت بەم بابەتە فێرخواز مەریوان عومەر وتی" بە بیروبۆچونی من دانانی ئەم جۆرە تەلەفۆنانە لە شوێنە گشتیەکان و بەتایبەتی لەناو زانکۆدا ئیشێکی زۆر باشە چونکە فێرخواز ماوەیەکی زۆر لەناو زانکۆدا دەمێنێتەوە دەتوانێت سودێکی زۆر لەو جۆرە تەلەفۆنانە وەربگرێ، فێرخواز داهاتی زۆر کەمە لە زانکۆ مانگانە تەنها سی هەزار دینار وەردەگرێت کە تەنها بەشی هاتوچۆمان ناکات، ناوبراو وتی من جاران مانگانە دوو کارتی ئاسیام سەرف دەکرد بەڵام ئێستا بەهۆی دانانی ئەو تەلەفۆنانەوە یەک کارتی تەواو سەرف ناکەم بۆیە بڕێک پارەم بۆ دەگەڕێتەوە کە لە پێداویستیەکی ترمدا سەرفی دەکەم.

ئامادەکردنی: فەرەیدوون حسێن

ئایا جیاوازی لەنێوان فێرخوازان دا دەکرێ؟!

ئەمساڵ دوای ئاشکراکردنی ناوی ئەو فێرخوازانەی لە زانکۆ و پەیمانگەکانی کوردستان وەرگیراون دیسانەوە مقۆمقۆ لەنێو خەڵک بەتایبەتیش لەنێو فێرخوازان دا سەری هەڵدا، گلەیی و گازاندە دەستی پێکردەوە، بەشێک لە فێرخوازان خۆیان بە ستەملێکراو داناو رایانگەیاند کە نارەوایەتی لە وەرگرتن دا کراوە، کەسانێک کە نمرەکانیان نزمەو لە شوێنی بەرز وەرگیراون، کەسانی دیکەش هەن کە نمرەی بەرزیان هەیەو لە کۆلیژێکی نەخواستراو یان لە پەیمانگەیەک وەرگیراون.

ئەو گلەیی و رەخنانە گەیشتنە دەزگەکانی راگەیاندن، تەنانەت لە کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس دا بەڕێوەنەرێ ناوەندی وەرگرتن و نوێنەری خوێندنی باڵا و فێرخوازان ڕووبەڕووکرانەوە، ئەوەی بەچاوی خۆمان بینیمان کە فێرخوازەکان بەڵگەی ئاشکرایان دەخستەبەردەست و ئەوانی دیکەش نەدەچوونە ژێر بارو پداگرییان لەسەر بەرنامەکانی خۆیان دا دەکرد!!

بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتن زۆر باش دەیزانی کە ستەم لە فێرخوازان کراوە، بەڵام ئامادە نەبوو لەبەرچاوی کامێرادا دان بە راستیەکان دابنێ و راشکاوانە بڵێ: " ئەم هاوێرکردن و جیاوازکارییە پەیوەندی بە منەوە نیەو لەسەرووڕا دەستیان تێوەرداوە" ئەو زۆر بە موتلەق قسەی دەکرد، ئەوەی بە موتلەقیش قسە بکات، لەناخی خۆیەوە هەست بە بە هەڵە دەکات و دەزانێ چی لەبن بەڕەکەدا هەیە، بەڵام یاری چاوبەستەکێ دەکات و دەیەوێ کارێک نەکات لە ئایندەدا زیان بە خۆی و هاوکارانی بگەیەنێ.

کورد دەڵێ : "کە گوتت حەق ئاو رادەوەستێ" بەڵام ئەوجارەیان نوێنەری فێرخوازان هەزارجار گوتیان حەق، دەیان جار بەڵگەیان خستە بەردەست کەچی پێکەنینەکانیش رانەوەستان، بۆیە دەبێ کێ بەرپرسیاربێ؟!

لەکەس شاراوە نیە کە ئێستا حزب و دەستەڵات زۆر راشکاوانە دەستیان خستۆتە ناو مەڵبەندی زانست و زانیاری کە زانکۆو پەیمانگەکانن، بە بریاری ئەوانەوە فێرخوازانی حزب لەو کۆلیژەی بیانەوێ وەردەگیرێن، تەنانەت لە کۆلیژەکاندا بۆ دەرچواندنی فێرخوازان و سەرخستنیان دەستەڵاتی خۆیان بەکار دەهێنن و مامۆستاکان ناچار دەکەن کە فلانە کەس دەربچوێنی دەنا زیانی پێدەکەوێ و زەرەر دەکات. بێگومان مامۆستا دەزانێ ئەو وشەیە چ ئاکامێکی دەبێ، بۆیە بەناچارییەوە خواستی کاکی بەرپرس جێبەجێ دەکات.

بەرپرس و حزبەکان بەوەشەوە نەوەستاون کە بڕوانامەی بەرز بۆ خۆیان و منداڵەکانیان مسۆگەر بکەن، بەڵکو هەوڵ دەدەن ئەندام و لایەنگرانی حزبیش لەسەر شانی کەسانی دیکەوە پێبگەن و بڕوانامە مسۆگەر بکەن. دەیان نموونەی زیندوو لەبەردەست دان، دەیان بەرپرس ئێستا بڕوانامەی زانکۆیان لەگیرفان دایەو بەدەگمەنیش سەردانی پۆلەکانی خوێندن یان کۆلیژەکانیان نەکردووە. دەیان منداڵی بەرپرسەکان بەس بۆ خۆدەرخستن و لاف لێدان بەسەر فێرخوازانەوە بە ئۆتۆمۆبێلی مۆدێل بەرز دێنە زانکۆ، لە پۆلەکانیان دانانیشن کەچی بەنمرەی بەرز دەردەچن و بڕوانامە وەردەگرن. هەندێک لەو خواپێداوانە بۆ ئەوەی کۆرسی خوێندن لە زانکۆیەکی ناوداری جیهانی مسۆگەر بکەن سەرەتا لە کۆلیژێکی بەرزی کوردستان ناونووس دەکرێن، دواتر بەو ناوەوە رەوانەی وڵاتان دەکرێن و درێژە بەخوێندن دەدەن، هەر بزانە دەیان منداڵی بەرپرسەکان بە بڕوانامەی بەرزەوە لە هەندەران دەگەڕێنەوە و وەکو مامۆستای زانکۆ یان وەکو بەرپرس دادەمەزرێندرێن.

هەرچەندە شانسی فێرخوازانی بنەماڵە هەژارو گرێنەدراو بە لایەنە دەستەڵاتدارەکان لەباشترین حاڵەتدا دوای تەواوکردنی زانکۆ تەنیا دامەزراندنیانە لەو شوێنانەی کە کەسانی دیکە ئامادەنابن کاری تێدابکەن و وەری بگرن.

لەم رۆژانە لە ماڵی ناسیاوێکمان بووین، باس لە خاوەن بڕوانامەی بەرز کرا، یەکێک باسی ناسیاوێکی خۆی بۆ کردن کە ئێستا بڕوانامەی دکتۆرای هەیەو لە پلەیەکی بەرزی حکومیش دایە و گوتی: "من و فلانە کەس لە ساڵانی نەوەدەکاندا بەیەکەوە لەیەک پۆلی کۆلیژی یاسا دەمانخوێند، فێرخوازێکی باش نەبوو، بایەخی بە خوێندن نەدەدا، دوو ساڵ بەیەکەوە بووین، بە جرەجڕ دەردەچوو، دواتر بزربوو، نەمانزانی چی بەسەرهات، کەچی دوای چەند ساڵێک بە بڕوانامەی دکتۆرا هاتەوەو پلەی بەرپرسیارێتی وەرگرت و ئێستاش ناسراوەو بایەخی زۆریشی پێدەدرێ.

ئەوەی لەو بەرنامەیەدا سەرنجی راکێشام قسەکانی نوێنەرایەتی وەزارەتی خوێندنی باڵابوو! ئەو راشکاوانە و بێباکانە رایگەیاند کە بەرنامەی ساڵی داهاتوو گۆڕانی بەسەر دادێ، لەوانەیە تەنیا 60% ی دەرچووانی شەشەمی ئامادەییەکان لە زانکۆ و پەیمانگەکان دا وەربگیرێن!!

نوێنەری وەزارەتی خوێندنی باڵا لە وەرگرتنی فێرخوازان لە زانکۆکان وەزارەتەکەی خۆی و حکومەتی هەرێمی بە بەرپرسیار نەدەزانی، بێباکانە دەیگوت: "با فێرخوازان بچن لە کۆلیژە ئەهلیەکان خوێندن تەواو بکەن" واتە وەزارەتی خوێندنی باڵاو حکومەتی هەرێم دەیانەوێ فێرخوازن بچن بە پارە بخوێنن و ئەوانیش تێیدا سوودمەند ببن.

لە کۆتاییدا دەڵێم: " ئەگەر ئەمە جیاوازی کردن لەنێوان فێرخوازان نەبێ، ئەی چی ناو دەنێین؟!"

فێرخوازێکی قۆناغی یەکەمی زانکۆ

ئاسیا سێل لە هەولێر و هەقایەتی مێشێ

من وەک کەسێکی دانیشتووی هەولێر چونکە زۆربەی خزمەکانم لە کەرکوکن زۆر حەز دەکەم کە تۆڕی مۆبایلی ئاسیاسێل لەهەولێر دەست بەکار بکات. ئەمەش نەک خەونی من بەڵکو خەونی دایکم و هەزاران کەسی وەکو ئێمەیە، هەربۆیە زۆر بە پەرۆشەوە گوێ بۆ ئەو هەواڵانە رادەگرین کە باس لە دەستبەکاربوونی ئاسیاسێل لەهەولێر دەکەن، بەڵام بەداخەوە خەونێکەو نائێستا نەهاتۆتەدێ.

راستە ئاسیاسێل و کۆڕەک تەلەکۆم دوو کۆمپانیای حزبین و زۆریش قازانج دەکەن، بەڵام سودیشیان بە خەڵک گەیاندووەو خزمەتیان پێشکەش کردووە، کەچی گرفت دروستکردن بۆ ئاسیاسێل لەهەولێرو تێکەڵنەکردنی هەردوو تۆڕەکە زیانێکی زۆری بەخەڵکی کوردستان گەیاندووە. زیانی ئابووریشی پێگەیاندوون، لەو ناوەدا کۆڕەک تەلەکۆم قازانجی زیاتری کردووەو ناشیهەوێ دەست لەو قازانجە هەڵبگرێ، یان بەشێکی بەو کۆمپانیایە بسپێرێ کە لەسەرە خاوەنە راستەقینەکانیان رێککەوتوون و موو بە نێوانیان داناچێ.

دیارە هەموومان دەزانین کە ئاسیاسێلیش وەک کۆمپانیایێکی بەرژەوەندخوازو قازانجویست هەمیشە هەوڵ دەدات سوودو قازەنجەکانی خۆی هەورەتر بکاتەوە، بەوهۆیەشەوە هەوڵ دەدات لە هەموو شوێنێکی کوردستان و عێراق و جیهان دا کار بکات، بەڵام کارکردنی ئاسیاسێل لە هەولێرو دهۆک وەک هەقایەتی مێشی لێهاتووە. رۆژێک هەواڵەکە بڵاودەبێتەوەو رۆژی دواتر تەپس دەبێ. تا ئێستا دەیان جار ئەو هەواڵەمان گوێ لێبووە. ماوەیەک لەمەوبەر ئاسیاسێل لەهەولێر بۆ ماوەی سێ کاتژمێر کاری کرد، بەڵام بەبڕیاری بەرپرسان رێگەی لێگیرا، سەیرەکە لەوەدابوو کە خاوەنی کۆڕەک تەلەکۆم خۆیان بە لایەنێکی کێشەکە نەدەزانێ و وایان لەخەڵک دەگەیاند کە ئەوە پەیوەندی بە یاساو پارێزگاری هەولێرەوە هەیە!! کەچی لەم رۆژانەدا نوێنەری ئاسیاسێل و کۆڕەک تەلەکۆم بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکە بەیەکەوە سەردانی وەزیری گەیاندنیان کرد. باشە ئەگەر کۆڕەک تەلەکۆم بەحوکمی ئەو دەستەڵاتەی لەو هەرێمەدا هەیەتی رێگری لە ئاسیاسێل نەکردووەو لایەنێکی کێشەکە نەبووە، ئەی بۆچی لەبارەگای وەزارەتی گەیاندن لەگەڵ نوێنەری ئاسیاسێل دادەنیشێ و باس لە گرفتەکە دەکات؟!

بەرپرسانی وڵاتەکەی من بەچاوێکی سەیر لە جەماوەر دەڕوانن و پێیانوایە کە ئاگایان لەهیچ نیەو سەریان لە کێشەکان دەرناچێ، بەڵام دەبێ باش بزانن کە ئێستا خەڵکی وڵایەکەی من کاغەزی سپی دەخوێننەوەو دەزانن کێن ئەوانەی تەنیا بۆ گەورەکردنەوەی سوودو قازانجەکانی خۆیانەوە دەست بە کورسیەکانیانەوە دەگرن و باکیشیان بە خەم و ئازارەکانی میللەت نییە.

لە کاتی منداڵی دا زۆرمان هەقایەتی مێشێمان بیستووە کە هەر دێ و درێژ دەبێتەوەو کۆتایی نایەت، ئێستا کارکردنی مۆبایلی ئاسیاسێل لە هەولێر وەکو ئەو هەقایەتەی لێهاتووە، هەردێ و درێژ دەبێتەوە، ئەوجارەیان بڕیاریان داوە کە 24ی ئەم مانگە دەست بەکار بکات، بەڵام دەبێ پێشتر بەرپرسانی هەردوو کۆمپانیای کۆڕەک تەلەکۆم و ئاسیاسێل لەسەروودا رێکبکەون و قازانجەکان دابەش بکەن، دەنا رێگەکە درێژتر دەبێتەوە.

هەموو خەڵک دەزانێ کە کێشەی ئاسیاسێل لەهەولێر کێشەیەکی سیاسی و بەرژەوەندخوازیەو پەیوەندی بە کێشەی یاسایی و تەکنیکیەوە نیە، چونکە هەردوو کۆمپانیا بۆندەی کارکردنیان بۆ هەموو عێراق بردۆتەوەو هەریەکەیان یەل ملیار دۆلاریشتان بە حکومەتی بەغداد داوە.

شوان شێخ بزێنێ

با پشتیوانی لە بانگەوازەکەی چاک بکەین و بایکۆتی کاڵای تورکی بکەین

رۆژی 27-10-2007 ناوەندی هەڵەبجە دژی بەئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد "**چاک**" بانگەوازێکی بڵاوکردۆتەوەو داوای لە رێکخراوەکان و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کردووە کە بایکۆتی شمەکی تورکی و پێوەندی ئابووری لەگەڵ تورکیا بکەن، هەروەها داوای لە کوردستانیان کردووە کە بایکۆتی شمەکی تورکی بکەن و نەیانکڕن.

بانگەوازەکەی **چاک** لەلایەکەوە زۆر ڕەواو راستینەو لەجێگەی خۆی دایە، لەلایەکی دیکەشەوە زۆر سادەو ئاسانە، هەم لایەنە سیاسیەکان و کۆمپانیاکانی کوردستان دەتوانن پێوەندی بازرگانی و ئابووری خۆیان لەگەڵ تورکیا بپچڕێنن یان بیوەستێنن، هەم کوردستانیانیش دەتوانن ئیدی گەمارۆ بخەنە سەر کاڵاکانی تورکیا و نەیانکڕن.

بایکۆتکردنی کاڵای تورکی زیانێکی گەورە بە ئابووری تورکیا دەگەیەنێ، لەدەستپێکدا بە سەدان ملیۆن دۆلار زیانی پێدەکەوێ، لە داهاتوویکی نزیکیشدا دووچاری دارمان و لاوازی دەبێتەوە، چونکە ئەمڕۆ بازاڕەکانی کوردستان و عێراق باشترین و لەبارترین و پڕ قازانج ترین بازاری جیهانن بۆ کاڵاکانی تورکیا. زۆر بە ئاسانی دەگوازرێتەوەو لەماوەیەکی کورتیشدا ساغ دەکرێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە کاڵاو بەرهەمەکانی تورکیا لە بازارەکانی وڵاتانی جیهان دا پێشوازیان لێناکرێ و هەرزان فرۆش دەکرێن.

ناوەندی چاک داوای لە لایەنە سیاسیەکان کردووە با لە هەنگاوی یەکەمدا لە ئەندامان و لایەنگرانی حزبەکانەوە دەست پێبکرێ، رێنوێنی و ئامۆژگاری ئەوان بکرێ تا کاڵاکانی تورکی نەکڕن، تەنانەت لایەنە سیاسیەکان دەتوانن فەرمان بە ئەندامانی خۆیان بکەن کە ئەو کاڵایانە بایکۆت بکەن و نەیانکڕن. هەروەها لایەنە سیاسیەکان دەتوانن راگەیاندنەکانی خۆیان بۆ ئەو کارە تەرخان بکەن، لەو رێگەیەوە هانی خەڵک بدەن تا بایکۆتی شمەکی تورکی بکەن، ئامۆژگاری خەڵک بکەن تا بەمەبەستی گەشتوگوزار رو لەتورکیا نەکەن. راگەیاندنەکان کە ئەمڕۆ کاریگەری زۆریان لەسەر خەڵک هەیە دەتوانن راشکاوانە دژایەتی کاڵای تورکی بکەن، رووی راستنی ئەو بەرهەمانە بۆ جەماوەر روون بکەنەوە، یان لانی کەم رێگە نەدرێ لە کەناڵەکانی راگەیاندنی حزبی، حکومی و ئەهلی ریکلام بۆ بەرهەمەکانی تورکی بکرێن، ئەمەش ئەگەرچی زۆر ئاسانە، زۆریش کاریگەری لەسەر ریسوابوونی بەرهەمەکانی تورکی دەکات و ئابوریەکەی بەرەو شکست دەبات.

زۆربەی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەیاننامەیان بڵاوکردۆتەوەو دژایەتی خۆیان بۆ لەشکرکێشی سوپای تورکیا دەربڕیوەو هەڵوێستیان پێشان داوە، بەڵام بەرای من باشترین هەڵوێست ئەوەیە کە لایەنە سیاسیەکان، بەتایبەتیش سەرکردایەتی و بەرپرسانی لایەنە سیاسیەکان لەخۆیانەوە دەست پێبکەن وبایکۆتی کاڵاو شمەکی تورکی بکەن و نەیانکڕن. ئەگەر کوردستانیان بەرخۆدانی راستەقینە بکەن و خۆیان بۆ دژایەتیکردنی تورکیا ئامادە دەکەن با بایکۆتی کاڵای تورکی بکەن، ئەمەش ئاسانترین و بێ زیانترین رێگەیە.

سەربەست کانەبی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com